
# یاخی بن  لە ڤاکسین.. خۆتان نەکوتن.. چونکە ڤاکسین و کوتان هەم نەخۆشمان ئەخات و هەم دەس بەسەر




**ڤاکسین ژەهرە..  دژی ژیان و بەرگری سروشتی مرۆڤەکانە.  خۆتان نەکوتن و مە یەڵەن دەرمان خوارد بکرێن**

**کۆڤید -١٩ خۆی لە خۆیدا  داهێنانێکی دەسەڵاتە**. داهێنانێکە، بۆ تۆقاندن و مل کەچکردن و دەست بەسەر کردنی مرۆڤەکانی سەرگۆی زەویە. داهێنانی ڤاکسینەکانیشی، بۆ تەواکردن و بەئەنجام گەیاندنی ئەم تۆقاندن و دەست بەسەرییە. **هەردوو داهێنانەکە و  هەموو ڕێو رەسمەکانیشی**، بریتی یە لە تێکدانی ژیان و بوونی زیندووی مرۆڤ.  لەبەر ئەمە، داهێنان و شاڵاوی کوتان ، نەبۆ پاراستنی تەندروستیمانە و نە بۆ پاراستنی مرۆڤایەتیشە لەنەخۆشی، بەڵکو بۆ دەست بەسەرکردنی بوونەکەمان و نەخۆش خستنیەتی!!  ئەم شاڵاوی  دەست بەسەر کردن و خۆکوتانە، سەر بە پڕۆگرام و پڕۆژەیەکی درێژخایانی دڕندانەی دەسەڵاتدارانی جیهانە دژ بە مرۆڤ(١)


-----

(١) سەرچاوەیەکی گرنگ و تازە بڵاوکراوە لەسەر ئەم بابەتە ووتارەکەی " Ernest Wolff” ە :
**the coup d'état of the digital financial system ئۆگۆستی ٢٠٢١**
https://lecourrierdesstrateges.fr/2021/09/30/suite-et-fin-de-la-conference-dernst-wolff-2-2-/le-coup-detat-du-systeme-financier-numerique

خودی ڤاکسین بۆ ئەوە دروست کراوە کە لە ناو لەشماندا بەرگری لەش دابەزینی و کۆمەلێک ماک بخاتەوە, کە ئیتر کەسەکان ئەو تواناو چالاکی و بەرگرییە مرۆییەی پێشویان نەمێنێ و ببنە کۆیلەی داوو دەرمان، بە ناچاری مل بەن بۆ فەرمانی پزیشکی و دەست تێوەردانی بی کۆتاییی داوو دەرمان(٢)

بەم شیوەیە، بەم داهێنان و هەراو هۆریایە، دیکتاتۆریەتی پزیشکی و داوو دەرمان، مەبەستێتی بە ترساندن بە سیناریو ی کۆڤید لە لایەک و بە زۆری کوتان لە لایەکی ترەوە، فەرمانی زەلیل بوونمان بەسەردا بدات و کۆنترۆڵمان بکات و ژیانمان بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە. بەمەش هەموو کۆمەڵگا بکاتە نەخۆشخانەیەکی گەورە، هەمووومان بکاتە نەخۆش و ماددەی بەردەستی خۆی، و وەک مەرو مالات لە دانیشتوانی جیهان بخوری و بیبات بۆ هەر کوێیەک کە مەبەستی بێت: زەلیلی لە ماڵەوە، گیانەڵا لە خەستەخانە، بی دەسەڵات لە کونجی قەناعەت، ماددەی پزیشکی لە موختە بەرەکان، تێکچوو لە شێتخانە، ژێردەسستە لە عیادەکان، ماددەی دووبەرەکی نانەوەو هەڵگژان بە یەکتری دا، خۆراکی بەربەرەکانێکان ...

جگە لە مەش و هەر بەپێی پروپاگەندە و ئامارەکانی خۆیان، ڤاکسینەکان ناتوانن گارانتی ئەوەبن کە ئەو کەسانەی وەری ئەگرن تووشی هەمان ئەو نەخۆشیە نەبن کە ئەم ڤاکسینانەی بۆ داهێنراوە!! بۆ یە ئەبێت کەسە کوتراوەکان لە ئامادەی وەرگرتنی ڤاکسین لەدوای ڤاکسین نەوەستن!! هەرەوها ئەوەش ناشارنەوە کە سەدەها لە وانەی کە خۆیان کوتاوە، بەر لە خۆکوتانەکە زۆر ساغ بوون و دوای خۆ کوتانەکە نەخۆش کەوتون!! ئەو حاڵەتانەش بڵاو بۆتەوە کە دوای کوتان کەسەکان تووشی نەزیف، ئیلتهاباتی میشک، جەلتەی دەماغ... بوون و لە ژێر دەستیوەردانی پزیشکیدا دڵە راوکێیانە! مردنی کەسەکانیش وا تەرتیبکراوە کە کۆڤید هۆی مردنەکانیانە ، نەک هیچ شتێکی ترا! کەسیش نە مافی یاساییی هەیەو نە بۆشی هەیە لەم تاوانە و لە پێکهاتەی ڤاکسینەکە بکۆلێتەوە ... بەپی لیکۆلینەوە یەکی بڵاو کراوەش لە ٧٩% ی ئەو کەسانەی لە ٢٠٢٠ دا بە ناوی کۆڤید -١٩وە مردنیان تۆمار کراوە، ئەو کەسانەن کە بەر لە کۆڤید هەموو ڤاکسینەکانی تریان لەخۆیان داوە..




----------

٢) بروانە کتیبەکەی **Tetyana Obukhanych**: **Vaccine Illusion** چۆن ڤاکسینەیشن بەرگری سروشتیمان ئەشێوێنی و چی بکەیین باشە بۆ ئەوەی بیینەوە بەخاوەنی تەندروستی خۆمان...

هەر بۆیەش بەبی دوو دڵی،  ئەبیت  ئەم پرۆگرام و پرۆجێکتەی دەسەڵات دژایەتی بکرێت، بە سەرتاپاییی ڕسوا بکریت و بەر پەرچ بدرێتەوە.







کۆڤید-١٩ درۆیە... پاڵەپەستۆ و کوتانی بەزۆر  دەستدرێژی کردنیکی زاڵمانەی پزیشکیە و دژە بە  سەربەخۆیی جەستەیمان.... ڤاکسینەکان ئەبنە هۆکاری نەخۆش کەوتن و تیاچوون....

وەک هەموو مان ئەبینین کە ئەم پرۆژەیەی دەسەڵات زۆر زۆر لە کۆڤید و ڤاکسینەکانی گەورەترە! بریتی یە لە جەنگێکی سەرتاپایی بۆ کۆنترۆڵ کردن و تاوو توێ کردن و دەستبەسەر کردنی سەرتاپای چەوساوەکانی جیهان! ئەبینین کە چۆن  ڤاکسین لە لایەک، نەبوونی و گرانی لە لایەک، بی ئاوو کارەبایی و بی خزمەتگوزای لەلایەک، ترس و تۆقاندن لەلایەک، دەست بەسەری و دوور خستنەوە لە یەکتری لە لایەک، نادیاری ژیان و هەنگاوەکانی داهاتوو لە لایەک، هەڕەشە و غرامەو  سزادان لەلایەک، بی بەرهەم هێنانی و بی جموو جوولی و  بی داهێنانی لە لایەک، قاتوو قڕی لە لایەک...  ئەمانە هەمووی هەرەشە لە ژیانمان ئەکات و بەرەو دەست بەسەری و ڕسوابوون و تیاچوون فەرمانمان بەسەردا ئەدات. ئەبینین کە چۆن هەمووی پێکەوە ڕێکخراون و  لە یەک سەرچاوەوە هاتوون و یەک دەسەڵات و هیز بەڕێوەیان ئەبات، و وەک تۆڕی ماسی گرتن ڕاومان ئەکات! وەک یەک هێز دەستی خستۆتە بینەقاقامان و ئەمان تاسانی، نەخۆش و دەس بەسەرمان ئەکات، لە مرۆڤایەتی و زیندوویی ژیان بی بەشمان ئەکات، لە بوونی خۆمان نامۆمان ئەکات ...فەرمانی ڕسوابوون و پەککەوتەییی و لەناوبردنمان  بەسەر دا ئەدات...**بۆیە دوژمنی ئێمەیەو بەرپەرچی ئەدەینەوەو دژایەتی ئەکەیین**

ئەمانەش و هەزارەها نموونەی تریش چەند دیمەنێک و دەربڕینێکن لەم خەباتە مرۆڤایەتیە و لە ڕسواکردن و بەرچدانەوەیە دژ بەم دیکتاتۆریەتەی سەرمایە لەسەر ئاستی جیهانی







**نەخێر بۆ تێست، نەخێر بۆ دەمامک، نەخێر بۆ خۆ کوتان، نەخێر بۆ کۆڤید-١٩،  کۆڤید درۆ و دەلەسە و فێڵە**



**شاڵاوی کۆڤید ، دەست بەسەری و کوتان و برسی کردن... هەمووی لە یەک دەسەڵاتەوە هاتۆتە خوارەو بۆ لە ناوبردنی ئیمەی چەوساوەکانە. ڕسوای ئەکەیین و بەرپەرچی ئەدەینەوە ...**



ئەفغانستان




کۆڤید ساختەیە



ئوستراليا

**بڵی نەخیر , بەڕووی ئەم ساختەچیانەدا. بەرووی بیڵ گەیت و دارودەستەکەی و هاوبەرژەوەندیە کانی لە هەموو نەتەوەکاندا. شۆڕشی ئینتەرناسیونالیستی بۆ لەناوبردنی....**








**بەریتانیا .. بی ماسک، بی ڤاکسین، بی سڵ کردنەوە و زۆر بە ئاگاییەوە ڕژاونەتە سەرجادەکان، و بە کۆمەکی و بە کردار بۆ سەربەستی خەبات ئەکەن و بەرپەرچی زۆرداری پزیشکی و یاسایی و سەرکوتکردنی دەوڵەت ئەدەنەوە...**







هە روەك ڕوونە کە ئەمە شەڕە، و شە رێکی بە پڕۆگرامی سەرمایەداریەکانە دژ بەکۆی مرۆڤایەتی. شەڕە بۆ کۆنترۆڵ کردنی ژیان، لە هەموو رووەکانی و ووردەکاریەکانیەوە. شەڕیکە کە تا بۆی بلوی دەست رائەکێشیت دژ بە ژیان و بۆ سەر مرۆڤەکان. ڕیوڕەسمی ڤاکسینیش چەکی کوشندەی ئەم شەڕە یە. چەکێکە کە ئەتوانرێت بە دەیەها شێوە و لە پڕۆسیسێکی بەردەوامیدا بەکار بێت و پڕ فیشەک بکرێتەوە. لە ڕێی داهێنان و شاڵاوی پڕوپاگەندەو ترسی نەخۆشیەوە(هەر داهینانی درۆی کۆڤید نا ، بەلکو دەیەها درۆی تر بەریوەیە ، نەخۆشی کوشندەی تر بۆ تۆقاندن و مل دان :کەروی رەش ، ڤایرۆسی تازەو گۆراو لە کۆڤید ، زانستی پزیشکی بۆتە باشترین جەکی دەسەلات بۆ تۆقاندن و دەست بەسەری!)

چەوساوەکان داپڕاوو برسی  و ئابلۆقە بدات، بە قەدەغەکردنی هاتوو چۆ و  یاساو سزادان دەست بەسەریان کات، ئینجا بە زنجیرەیە لە ڤاکسین  و دەستێوەردانی پزیشکی- عەسکەرتاری ژیانیان وێران کات و لە مرۆڤایەتیان بخات... ئەمەیە ڕاستی و مەبەستی ئەم دیکتاتۆریەتە. **بەرپەرچی بەنەوەو تفی تی بکەن.**



**پرۆلیتاریاکان لە بەرلین، بە ئاگاوە دژ بە  زاڵمی کوتان بە زۆرو سەپاندنی درۆی کۆڤید دژایەتی دەسەلات ئەکەن**

ڤاکسین، هەروەکو کۆڤید-١٩ و ئەوانەی بە دوایدا دیت، بە سودفەو لە گێژاوەوە هەڵ نە قوڵاوە، بەڵکو داهێنانێکی کوشندەو چەکی دەست بەسەر کردنی دانیشتوانی گۆی زەوویە.(پسپۆرو تویژەرەوەکانی دەولەت بە پرۆگرام و تاقیکردنەوی جەندین سال ئیشیان لەسەر کردوە و لەبری ئەم داهینانە درندانەیان هەقدەستیان لە دەسەلات وەرگرتوە ) ،دەولەتی سەرمایەی جیهانی، لە ڕییی دەسەڵاتی جیهانی و دامەزراوە سەرەکیەکانیەوە، پلانەکەی وا بە وردی داڕشتوە کە لە ناو خۆیاندا کەمترین بواری  ئەملاو ئەولای تیابیت و هەموو دامەزراوەکانی کومەڵ هەستن بە جی بەجی کردنی ئەم دیکتاتۆریەتە جیهانیە. تەندروستی و خزمەتگوزاری و یاساییی و ئاینی، شان بەشانی ئاسایش و پۆلیس  و نەقابەکانی ئیش و سوپا و کارمەندە  تایبەتیەکان لە هەموو شوێنێک ، بەر بە هەلسوکەتمان ئەگرن و بە زۆر ڕیوو ڕەسمی دەست بەسەری و کوتان ئەسەپینن .  هەموو بنکەکانی کوتان راستەوخۆ لەلایەن پۆلیس و ئاسایشەوە کۆنترۆل کراوە. لە زوربەی جێگاکانی کوتان، کارمەندی تایبەتی  وەک چاودیر دانراوە بۆ ئەوەی ریگە لەوانە بگری کە نایانەوی خۆیان بکوتن و تەنیا بۆ بەڵگەنامەی کوتان هاتوون.  چونکە  ئەم دیکتاتوریەتە جیهانیە ڕاستەوخۆ و نا ڕاستەخۆ هەموو دەرگاکانی ژیان و هاتوو چۆو و خزمەتگوزاریەکانی گرتووەو هەموو خەڵکی ناچار کردوە کە پەیرەوی ڕێوڕەسمەکانی سەرکوتکردن بکەن،  کە ئەبێت کارت و بەڵگە نامەی کوتانیان هەبیت....(٣)




سیپتیمبەر، ئیتالیا: **سەربەستمان ئەویت نەک تۆقاندن**. سەربەسستی نەک ترساندن.  بە درۆو دەلەسەی دەسەڵات هەڵ مە خەڵەتێ و خۆت مەدە بەدەست شاڵاوەکەیەوە

داهێنان و ئامادەکردنی "ڤاکسینەکانی دژە کۆرۆنا"ش، هەنگاویک و دەستدریژی کردنیکی ترە لەم جەنگەدا(٤).
ئەم ڤاکسینە نەك هەر نامان پارێزێ لە نەخۆشی، بەڵکو زیاترو زیاتر نەخۆش و دەست بەسەر و دەستەمۆو داماومان دەکات ... بۆیە بانگەواز دژی ئەم کوتان و ڤاکسینە ئەوەیە  کە ریسوای بکەین، کە نەك هەر خۆمان  نەکوتین ، بەڵکو دژ بەداودەرمان و ڤاکسین و  ژەهراوی کردن و کیمیاوی کردنمان بوەستینەوە(٥)

-------------

٣)  گەر چی ئەم کارت و بەڵگەنامانە شتیکی زۆر زۆر کاتیەو لە هەموو شوێنێک ناخوات و بەردەوام لە داواکاری زیاتردایە، بەڵام لە ئیستادا  بە بی ئەم کارت و بەلگە نامانە هیج کارێکت بۆ ناکری: سەفەر ، کارکردن لە شوینە رەسمیەکان ،پارە راکیشان لە بانق، کڕینی خواردن، یان ئیشی رەسمی لە دائیرەکان ،  کۆمەڵایەتی بوونەوە لە شوێنە گشتیەکان....وە تا دیت زیاتر و زیاتر یش خۆیان ئەسەپینن بەسەر ژیانماندا.  تا دیت زیاتر هەنگاو بە هەنگاو توندی ئەکەن.  هەنگاوی سەرەتایان بلاوکرنەوەی پروپاگەندەی پەتاو ترسو تۆقاندن و دەسبەسەری بە زەبری هیز  بوو، هەروەها برسی کردن و بی ئیش کردنی بلیۆنەها ، زەلیل کردن و بەندکردن بە ناوی ترس لە بلاوبونەوەی پەتا ، ئنجا هەنگاوەکانی تر بە دوایدا، ناجارکردنی دانیشتوانی گۆی زەوی بۆ چارەسەرو پەنا بردنە  بەر چارەسەر ، مل کەچ کردنیان بۆ دەسەلاتی تەندروستی ، ئینجا سەپاندنی کوتان و زەلیل کردنی زیاترمان....
٤)  ئەم جەنگە  شالاوو پلانێکی جیهانیەو لە فەرمانرەوایی جیهانیەوە هاتوە، ودام و دەزگاو دەولەتی جیهانی لە پشتەوەیەتی. ئا لێرەوە و بەپێی ئەم دکتاتۆریەتە جیهانیە، ئەبی بەگشتی مل کەچ بین . لە شوێنێکی وەک کوردستان دام و دەزگاکانی جێبەجێکەری ئەم دیکتاتۆریەتەن ، هەقدەس لەمان وەر ئەگرن،  ئیش بۆ ئەمان ئەکەن و ژیانمان تەسلیم بەو فەرمانرەواییە جیهانیە ئەکەن

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ریکخراوەکانی تری نێودەوڵەتی و دام و دەزگا خێرخوازیەکانی، ئەمانە پێکەوە و چەندین ساڵە به ناوی یارمەتی و شەڕی دژ بە نەخۆشی و چارەسەرکردنی بی تواناکان، بەڵام به تاقی کردنەوە و بە پڕۆگرام و بە مەبەست ، وەک بەشێکی گرنگ لە پەرەسەندنی جیهانی دەسەڵاتی چینایەتی بۆرجوازیەت ، خەریکی دەستدرێژی کردن و ژەهراوی کردن و دەرزی لێدان و لیکۆڵینەوە و داهێنانەکانیانن! هەر لەبەر ئەم زەلیلکردنەمانە ،ئەبینن چۆن بە "خۆرایی" و بە پلانیکی داریژراو، دەسەڵات دەرزی و ڤاکسین دابەش ئەکا و ئەیسەپینی بەسەر دانیشتوانی گۆی زەویدا. **بۆیە بڕوخێ دیکتاتۆریەتی پزیشکی و داودەرمان و دەوڵەت و سیستەمەکەشی**

دژایەتی کردنی پرۆلیتاریا بۆ ئەم جەنگەو شالاوی داپلۆسین و دەست دریژیکردنەی دەولەت بۆ سەر ژیانی چەوساوەکان بەردەوامە ، بزوتنەوەی دژە ڤاکسین و دژ بە برسی کردنی پرۆلیتاریا زۆربەی ناوچەکانی گرتۆتەوە ، و بەرپەرچدانەوە بۆ بەرگری لە ژیان و بۆ برەو دان بە خەباتی نیونەتەوەیی ناوەستی... بەڵام ، لەپال تۆقاندن و هەڕەشەو گوڕەشەکانیاندا، و وەک جیاوازی نانەوەو دابەشکردن و جیاکردنەوەو دووبەرەکی دروست کردن، لەزۆر شوین و بە شیوەیەکی کاتی بەشان و باڵی ئەو هاووڵاتیانەدا هەڵ ئەدەن و بە ڕێزەوە ڕێگەیان ئەدەن و کارەکانیان بۆ جێبەجێ ئەکەن کە خۆیان "بە تەواوەتی" کووتاوە! (٦)، لە کاتێکدا کە ژیانیان بەتەواوەتی قورس کردووەو زۆر خراپتریشی ئەکەن ، بۆ ئەوانەش کە خۆیان نەکوتاوە و مل نادەن بەم زاڵمیە . لە ئەمەریکا دەولەت پارە ئەداتە ئەوانەی کە خۆیان ئەکوتن ، بۆ سەرگرتنی پلانەکانیان و رازیکردنمان بە کوتان و سەقەت بونمان ، ئەمەش تیکە و لیکەیەکی سەرمایەدار و سیاسی و خاوەن بانک و خاوەندارانی ئەرز و ئاسمانە، بۆ رامالین و لەناو بردن و زەلیل کردنمانە. توند کردنەوەی کۆیلایەتیمانە بۆ کۆمپانیا زەبەلاحەکانی دەرمان وبازرگانانی کیمیاوی کردنی ژیان.

رێکخراوی تەندروستی جیهانی رێکخراوی جینۆسایدە. هەموو ڤاکسین و داهینانەکانیشی لەسەر ڤایرۆسەکان،پەتاکان، نەخۆ شیە ترسناکەکان، بۆ ترساندن و تۆقاند ن و کۆنترۆل و جەوسانەوەی خەلکە لەسەر هەموو گۆی زەوی . پەتای کۆرۆناو ڤاکسینی دژ بە کۆرۆنا دریژکراوەی هەمان درۆی زەبەلاحی ئینفلۆنزایە لە سالانی رابردوو، بۆ تۆقاندن و فرۆشتنی دەرمانی تامی فلو ، هەروەها فرۆشتنی ڤاکسینی زۆر بۆ هەلامەت ، کە راستەوخۆ بەرگری تەندروستی تێک ئەدا، هەروە ها درێژکراوەی پروپاگەندە و درۆی ئایدز و شاردنەوەی ژاراوی بوونە بە دەرمان و کیمیاوی و کوتانەکان و جیاکردنەوەی مرۆڤەکان و سەرکوت کردنی خۆشەویستی و تێکەڵاو بونە.....

---------

٥) ڤاکسینی کۆڤید ، هەر وەک هەموو ڤاکسینەکانی تری ریکخراوی تەندروستی جیهانی، هەمان مەبەست و هەمان ئامانجی لەپشتە : ئەیەوی لە ریگای ئەم توقاندن و زوڵم و زۆرەوە بارودۆخێک بخولقێنی کە ڕۆبۆت ئاسایی بتوانێ هەڵمان سوڕێنێ ... دەست بەسەرمان کات و بمان کات بە ماددەی دیکتاتۆریەتی جیهانی سەرمایە...

٦)ووشەی "بە تەواوەتی" زۆر گرنگە لیرەدا! چونکە هەر ووشە نیە! بەڵکو پڕۆسیسێکە کە نە ئەم سەری دیارەو نە ئەوسەرا! ئەوەی ئەمڕۆ بە پیی ئەم دیکتاتۆریەتە تەواوەتیە، بەیانی ناتەواوەو ئەبیت ئەم هاوولاتیانە هەستن بە تەواوکردنی. ئەوەی بەیانیش تەواوە و لە جیی یاساییی خۆیایەتی، بۆ دوو بەیانی ناخوات. **بەم شێوەیە "کوتانی تەواوەتی" بوونی نی یە، فیڵە و تەڵەیە و پڕۆسیێکی هەمیشەییی دەست بەسەری و بە کۆیلەکردنە! تفی تێکەن، تێی هەڵ دەن...**

ئاینەکان  بە شەیتان و سزادانی ئەزەلی ئەمان تۆقێنن ، زاناکان بە نەخۆشی و  مردن ، ئاین و زانست هەمان رۆلی تیرۆریستی ئەبینن (بۆیە مەلاکان لە کوردستان خۆکوتانیان کردە فەرز و خۆ نەکوتانیش حەرام)  ڤایرۆسەکانیش بەشێکن لەم داهینانە ، حکومەتە شاراوەکان پلانیان داناوە بۆ کەم کردنەوە و کورت کردنەوەی ژیانی مرۆڤ. بە  هۆی ڤاکسینەکان و چیرۆکی ڤایرۆسەکان و تەکنەلۆجیا و چاندنی چپی ئەلکترۆنی لە ناو مرۆڤەکان لە ریی ڤاکسین ، بۆ کۆنترۆل کردن و خەساندن و نەخۆش خستنمان ، سەیرکەن چۆن بە برسی کردن و تۆقاندن و دەست بەسەری لەم لاوە و بە ڤاکسین و داودەرمان لەولاوە، بوونی سروشتی و کۆمەڵایەتیی مرۆڤەکان نەخۆش ئەخەن و  ئەیدەنە پاڵ ڤایرۆس...
تیرۆریزمی دەولەتە کە ترس و نەخۆش خستن ئەخاتەوە و دواتر خۆکوتان ئەسەپینی ،و بەم شیوەیە پاندامیک گشتی ئەکاتەوە ، هەموو رێکخراوە تەندروستی و نیو نەتەوەیەکان ، هی ترساندنمانن بە ڤایرۆسەکان ،پاندیمیکەکان ، پەتا بلاوبونەوە و تاعون و وئینفلەوەنزا نەک تەنیا بۆ( پارە )کۆکردنەوەیە، (پارە لە   تامی فلو و داو و داو ودەرمانی پەتا ....)، بەلکو بۆدابرینی مرۆڤەکان لە یەکتری، سەپاندنی دەرمانی ژەهراوی و هەروەها ڤاکسینە ژەهراویەکان و نەزۆکی وخەساندنی مرۆڤایەتی



بەر بە  تیرۆریی پزیشکی بگرەو  دەسەڵاتەکەیان بەسەر ژیانتا تێک بشکێنە

دژ بە سەرکوت کردن و  مەنعە تەجەول ...
دژ بە هەموو هەنگاوو ریو رەسمەکانی داپلۆسین..

بەرپەرچی شاڵاو وهەراوهۆریای تۆقاندن بە ڤایرۆس بەنەوە
ئەو کۆت و بەندە دەست بەسەریانە بپچڕینە کە برسیتی لە رادە بەدەری خولقاندوەو خراپتریشی ئەکات ...
بەر پەرچی تیرۆریزمی دەزگاکانی راگەیاندن بەنەو...
**دژ بە دیکتاتۆریەتی تەندروستی ، بە داووو دەرمان و ڤاکسینەکان ، بە رێکخراوی تەندروستی جیهانی**
**بڕوخێ دەوڵەت، کۆمەڵگای چینایەتی ...**
**ڕوەو خۆرێکخستنمان ، بۆ لەناوبردنی چەوسانەوەو زۆرداری چینایەتی و هێنانەدی کۆمۆنەی مرۆڤایەتی**